مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية ـ جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

آذار 2025- المجلد 20- العدد الاول - الجزء الاول

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
issn 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
آذار 2025- المجلد 20- العدد الأول- الجزء الأول

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

## آذار المجلد 20-العدد الاول - الجزء الاول

مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك

issn 1992 - 1179



العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001

E. mail
kujhs@uokirkuk.edu.iq



Editor
Prof. Dr.
Murad Ismael Ahmed Naftache

آذار 2025

# أعضاء هيئة التحرير

| التوقيع | الاسم |
|---|---|
| رئيس هيئة التحرير | ا. د. مراد إسماعيل احمد |
| مدير هيئة التحرير | ا. د. نوفل حمد خضر |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. سهيلة طه محمد |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. نجيب محمود أبو كركي |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. صفية جابر عيد |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. محمود شاكر مجيد |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. فهد عباس سليمان |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. يوسف محمد عيدان |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. نجاة دمير |
| عضو هيئة التحرير | ا. د. مصطفى التون |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. محمد علي شريف |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. كامل عبد القادر حسين |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. ماهية محسن حسن |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. ذكرى عبد الحافظ عبد اللطيف |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. خالد احمد هواس |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. حمدي لطيف خير الله |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. علي هادي حسن |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. سيروان سمين احمد |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. عز الدين صابر محمد |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. مشتاق علي الله ويردي |
| عضو هيئة التحرير | ا.م. فلاح صلاح الدين مصطفى |
| عضو هيئة التحرير | ا. م. د. محمد نجم الدين انجه |
| عضو هيئة التحرير | م. د. زينب عصمت صفاء الدين |

مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

# شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع (https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/ ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (8000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط ( Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (100.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.
17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.
18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## فهرست البحوث المنشورة

## بحوث علوم التربوية والنفسية


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | أَثرُ استراتيجيةِ معالجة المعلومات لدى طالبات المرحلة الثالثة في قسم اللغة العربية بمادة طرائق التدريس وتنمية تفكيرهن المنظومي | م. م. آيه حسن هادي البياتي<br>م. م. هشام عبد رميض المفرجي | 1- 40 |


## بحوث الجغرافية


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الخصائص المورفومترية لحوض وادي الرمان في الهضبة الغربية من محافظة النجف باستعمال نظم المعلومات الجغرافية GIS | م. د. حمزية ميري كاظم | 41- 68 |
| 2 | التداخل والتكامل الزمني في الدراسات الجغرافية | م. م. أسماء حمد سلطان<br>أ. د. كمال عبدالله حسن | 69 - 96 |


## بحوث علوم القران


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تعارض الحديث المرسل، والمسند، الحكم والأثار: دراسة حديثية | م. د. أحمد كريم يوسف | 97 - 132 |
| 2 | الكليات الفقهية للإمام المقري دراسة تطبيقية في الحدود | طالبة ماجستير/ سميره عبدالله محمود<br>أ. د. دلشاد جلال محمد | 133 - 174 |
| 3 | مُرَّة الهَمَداني وآرائه التفسيرية | أ. م. د. محمود ناصر زوراو | 175 - 197 |
| 4 | ضمان المتسبب في الفقه الإسلامي | أ. م. د. بكر عباس علي | 198 - 214 |
| 5 | النور البارق في مسألة القياس مع الفارق وبعض من تطبيقاتها الفقهية | أ. م. د. جسام محمد عبدالله احمد المشهداني | 215 - 241 |


## بحوث التاريخ


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الدور الاعلامي للمرأة في كركوك (1951-1979)، دراسة تاريخية | طالبة ماجستير/ شيماء حسين رشيد<br>أ. د. دلشاد عمر عبدالعزيز | 242 – 265 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2 | الجدل السياسي بين العناصر العربية وابي مسلم الخراساني | أ. م. د. علي حسين علي | 266 – 306 |
| 3 | صدى التطورات السياسية في كوردستان ـ العراق في ضوء صحيفة (اطلاعات) الإيرانية ١٩٧٠ ـ ١٩٧٥ | أ. م. د. فاخر حسن يوسف | 307 – 339 |
| 4 | موقف الحزب الشيوعي العراقي من القضية الكوردية 1934–1963 دراسة تاريخية سياسية | م. د. سالار عبدالكريم فندي | 340 – 378 |
| 5 | تطور الحركة العمالية في بريطانيا 1800–1852 | م. د. أحمد عبود عبدالله | 379 – 398 |
| 6 | السلطان صلاح الدين يضع حداً للفوضى السياسية والاجتماعية في مصر وبلاد الشام بتوحيد الجبهة الإسلامية وتحرير بيت المقدس (دراسة تاريخية) | طالب ماجستير/ عثمان ياسين هلال<br>أ. م. د. علي سلطان عباس محمد | 399 – 436 |
| 7 | علماء علوم القرآن الوافدين إلى المدينة المنورة من خلال كتاب سير أعلام النبلاء للذهبي (ت 748هـ – 1347م) | طالب ماجستير/ شهاب أحمد غافل<br>أ . م . د. أميد أسعد عمر | 437 – 489 |
| 8 | الأزمات السياسية للخلافة العباسية ومعالجتها خلال العصر العباسي الأول (132–247هـ /749–861 م) | طالبة ماجستير/ هند محمد صالح يوسف<br>أ. م. د. جمعة عبد الله ياسين | 490 – 517 |


## بحوث اللغة الانكليزية


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | دراسة عن الغموض في قصة إرنست همنغواي "والدي العجوز" | م. م. أحمد حمد كريم حميد | 518 – 537 |
| 2 | ترجمة نماذج مختلفة من الايات القرانية للتعابير الجامعة | م. م. علاء مجرن عليوي<br>م. د. حسين خلف نجم | 538 – 553 |


## بحوث اللغة الكردية


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | فاعلية المزج المفهومي في التفسير الدلالي للمصطلحات الاصطلاحية الكردية | أ. م. د. كژاڵ جهابخش محمد<br>أ. م. د. سلام رحيم رشيد<br>أ. د. دارا حميد محمد | 554 – 577 |
| 2 | الصورة الشعرية في النصوص الشعرية لآزاد صبحي | د. هژار فقى سليمان حسين | 578 – 604 |
| 3 | الإدراك بالحواس في اللُّغة الكُرديّة: الحقل الدِّلاليّ المُعجميّ للحواس الخمس نموذجًا | أ. م. د. بيستون ابو بكر علي<br>أ. م. د. جوانه احمد حمه حسن | 605 – 632 |
| 4 | مشكلات المرأة في رواية "لعنة نوبهاران" لبختيار علي | م. د. آشتى حسين عارف | 633 – 650 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 5 | نشأة تعليم الأبجدية الكردية ودور إبراهيم أمين بالدار في تطويرها | د. شادمان سالار نريمان اغا | 651 - 671 |


## بحوث اللغة التركية


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | العراق– تقييم أسماء المواقع السكنية بمنطقة أربيل من منظور علم الفولكلور | م. د. نازناز بهجت توفيق | 672 - 693 |
| 2 | تحليل قصيدتي "جماليم" و"أحببت العيش" لكمال البياتلي | أ. م. د. كوران صلاح الدين شكر | 694 - 713 |


## بحوث متفرقة


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | التطورات الاقتصادية في المملكة العربية السعودية في عهد الملك فهد بن عبد العزيز ال سعود (1982–2005) | م. م. ياسين رشيد فقي احمد | 714–741 |
| 2 | رؤية الكمال ابن الهمام لمقصد التكافل الاجتماعي في كتابه فتح القدير– باب الزكاة – دراسة فقهية | أ. م. د. صالح ياسين عبدالرحمن | 742–759 |
| 3 | عالم بلا ملك: الفوضى السياسية وتفتيت العالم الأوسط في سلسلة البرج المظلم لستيفن كينغ | م. م. طيب عبدالرحمن عبدالله<br>أ. د. زانيار فائق سعيد | 760–785 |
| 4 | استخدام انموذج نيدهام في تدريس المعادلات واثره في التحصيل وتنمية مهارت التعلم اليقظ لدى طلاب الصف الثالث المتوسط في مادة الرياضيات | م. م. حسين سمير معروف كوبرلو | 786–811 |
| 5 | تحليل الخصائص التوزيعية والنقطية لصناعة الخشب والألمنيوم في مدينة كركوك مع التوقعات المستقبلية | طالبة ماجستير/<br>سلوى علي فاضل<br>أ. م. د. ماهية محسن حسن | 812–832 |

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية المجلد(20)العدد الاول– الجزء الاول – اذار2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025. 20.01.01.22*

**Date of research received 9/10/2024, Revise date 7/12/2024 and accepted date 8/1/2025**

# Women's problems in the novel "The Curse of Nawbahran" by Bakhtiar Ali

**Ashti Hussein Arif**

**Abstract**

This research is titled "Women's Problems in  the novel "the Curse of Nawbharan" by Bakhtiar Ali", and explained the problems of women and trying to show the traditions that are the source of women's problems in society ،the image and freedom of women in this nove which reflects the problems of women in the Kurdish culture. From this, point of view the research tries to discuss the problems of women in the Kurdish, culture. The woman speaks in the novel because the novelist from the perspective of, the characters in the novel has addressed the problem of women The study was conducted in light of the analytical method.

This study consists of two sections. The first one is divided into four sub-sections. In the first sub-section, culture is explained as term. The second one is about the problem of women in the Kurdish culture. As for the second section, it comprises of two sub-sections: in the first one, a summary of the novel is given. In the second sub-section,

Women's problems in the novel "The Curse of Nawbahran" by Bakhtiar Ali.

**Keywords:**  Women, problem , Novel, Bakhtyar Ali

# مشكلات المرأة في رواية "لعنة نوبهاران" لبختيار علي

**م. د. آشتى حسين عارف***

**الملخص**

هذه الدراسة التي تحمل عنوان "مشكلات المرأة في رواية "لعنة نوبهران" لبختيار علي" هي إشارة إلى مشاكل المرأة ومحاولات للكشف عن التقاليد التي هي مصدر مشاكل المرأة في المجتمع وصورة المرأة وحريتها في هذه الرواية، انعكاس مشاكل المرأة في الثقافة الكردية تم حله، ومن هذا المنطلق يحاول البحث الحديث عن مشاكل المرأة في الرواية، لأن الروائي من منظور الشخصيات في الرواية حل مشكلة المرأة في الثقافة الكردية، أصبح عدد من التقاليد الاجتماعية والدينية مصدر مشاكل المرأة في المجتمع الكردي. أجريت الدراسة في ضوء المنهج وصفى التحليلي.

يتكون البحث من جزئين: الجزء الأول يتكون من محورين: فى محور الأول يعرض (مشاكل المرأة في الثقافة الكردية)، أما محور الثاني (مشاكل المرأة في الثقافة الكردية) تمت مناقشتهما، في الجزء الثاني يتكون من محورين: المحور الأول هو وصف موجز للرواية، وفي المحور الثاني تناقش مشكلات المرأة في رواية "لعنة نوبهاران" لبختيار علي

**الكلمات الدالة:** المرأة ، مشكلة، الرواية ، بختيار على.

* جامعة جرمو / كلية التربية / قسم اللغة الكردية ashti.hussein@chu.edu.iq

# گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی "نەفرەتی نەوبەهاران" ی بەختیار عەلی دا

پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) ی بەختیارعەلیدا)یە، هەوڵێکە بۆ خستەڕووی گرفتەکانی ژن و هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئەو داب و نەریتانەی کە سەرچاوەی گرفتەکانی ژنە لە نێو کۆمەڵگەدا، وێنە و ئازادی ژن لەم ڕۆمانەدا، کە ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی ژنە لە نێو کلتوری کوردی کاری لەسەرکراوە، لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە بارەی گرفتەکانی ژن لەنێو ڕۆمانەکە بدوێت، چونکە ڕۆماننووس لە ڕوانگەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە ئاوڕی لە گرفتی ژن داوەتەوە لە کلتوری کوردیدا، کە کۆمەڵێک داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕێسای ئاینی بوونە سەرچاوەی گرفتەکانی ژن لەنێوکۆمەڵگەی کوردی دا. توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی(پەسنی شیکاری) ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم (گرفتەکانی ژن لە کلتوری کوردیدا)، لە دوو تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا باس لە (چەمکی کلتور) کراوە و لە تەوەری دووەمدا(گرفتەکانی ژن لە کلتوری کوردی)دا خراوەتەڕوو، لەبەشی دووەم(گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) ی بەختیارعەلی)دا، لە دوو تەوەر پێکدێت لە تەوەری یەکەم (ناساندنی ڕۆمانەکە بە کورتی) خراوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا باس لە (گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)ی بەختیارعەلیدا)کراوە ، لە کۆتایش دا ئەنجام و لیستی سەرچاوە خراوەتە ڕوو.

**کلیلە وشەکان:** گرفت، ڕۆمان، ژن، بەختیار عەلی.

## پێشەکی:

قسەکردن لەسەر ماف و ئازادی ژن و ڕەنگدانەوەی کێشە و حاڵەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و پێگەی تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەدا وەك تاکێکی زیندوو، ڕۆڵ و کاریگەری لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵدا وایکردووە گرفتەکانی ژن بابەتێکی سەرەکیبن لەم ڕۆمانەی ڕۆماننووس دا. لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژن چەند سودمەندبێت بە گۆڕانکاری ئەوەندەش زەرەرمەند دەبێت لە ململانێ و باری نائارامی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لەو ئاستەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی نییە، کە ڕێزگرتن لە ماف و ئازادی ژن وەك چەمك لە فەرهەنگی کوردیدا بچەسپێت.

## ئامانجی توێژینەوە:

خستنەڕووی گرفتەکانی ژن لە نێو ڕۆمانی "نەفرەتی نەوبەهاران"دا، بەو پێیەی ئەم ڕۆمانە گوزارشت لە دۆخی ژن دەکات لە کلتوری کوردیدا، لەماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە ئاوەڕیداوەتەوە لە ژانری ڕۆمان وەک یەکێک لە ژانرە نوێییەکانی ئەدەبی کوردی، پاشان لەڕێگەی نموونەی وەرگیراوی نێو ڕۆمانەکەوەو لە ڕوانگەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە ئاوڕی لە گرفتی ژن لە نێو کلتوری کوردی داوەتەوە، کە لە داب و نەریت و ڕیسا ئاینیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی میتۆدی وەسفی شیکاری کراوە، لەبەشی تیۆریی میتۆدی پەسنی و لە بەشی پراکتیکی میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی گرفتەکانی ژن لای کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دووبەش پێکدێت، بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا چەمکی کلتور خراوەتەڕوو، لە تەوەریی دووەمدا باس لە گرفتەکانی ژن لە کلتوری کوردیدا کراوە. بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێکدێت: لە تەوەریی یەکەمدا کورتەیە لەبارەی ڕۆمانەکەوە خراوەتەڕوو، لە تەوەریی دووەمدا هەوڵمانداوە گرفتەکانی لە نێو ڕۆمانی"نەفرەتی نەوبەهاران" بەدیاربخەین.

**بەشی یەکەم: گرفتەکانی ژن لە کلتوری کوردیدا**

**تەوەری یەکەم : چەمکی کلتور:**

کلتور تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو، لە داب و نەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتی گروپێك یان چەند گروپێکە لە خەڵك، ڕەگەزەکانی کلتور، وەکو داب و نەریت و بیرو باوەڕەکان، هەروەها بەهاو بیرورا هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێدەبەشێت، (موحسنی، ٢٠٠٢:١٠٣) ، هەر لە بارەی کلتورەوە (ڕەفیق سابیر) دەڵێت" کلتور بەشێکە لە کەسایەتی و پێناسەیەک، کە کۆمەڵ بەگشتی و تاکەکان بە تایبەتی، خۆیانی لەوی دی پێ جیادەکەنەوە، کەواتە کلتور چەند هۆکاری خۆناسینە دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکردنەوەبێت"،(سابیر، ٢٠٠٣:٣٧). کەواتە کلتور بریتییە لە کۆمەڵێك ڕەفتار و شێوازی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگە دێتەکایەوە و دەگوازرێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، فێربوونی کلتور لە ڕێگەی مرۆڤەکانی ترەوە دەبێت، فێربوونیش بەهۆی پەیوەندییە بەرامبەرەکان لە نێوان مرۆڤەکان شێوەش دەگرێت، چونکە کلتور بەرهەمی پاشماوەی کۆمەڵایەتییە و لە دروستبوونی دا چەند هۆکارێك ڕۆڵ دەبینن وەك گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان،


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

کەواتە کلتور" بابەتێکی گشتی و بەرفراوانە و لق ق پۆپی زۆر لێدەبێتەوە... یەکێکە لە پایە بنچینەییەکانی زانستی ئیسانی، بەڵکو هەوەڵیانە"،(کریم، ٢٠٢١:٧٥٧).

یەکێك لەو دەقە گرنگانەی کە دەربارەی کلتور دواوە( جارنامەی مەکسیکۆ)یە دەڵێت:" کلتور، بە مانا فروانەکەی. تەواوی ئەو تایبەتمەندییە ڕۆحی و مادیی و سۆزدارییانەیە کە خودی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی جیادەکەنەوە، کە هونەر، ویژ و شێوازەکانی ژیان دەگرێتەوە، هەروەك چۆن مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ و سیستەمەکانی بەها بیرو باوەڕەکان و ... هتد دەگرێتەوە، کە توانستی بیرکردنەوە لە خۆی بە مرۆڤ دەبەخشن و دەیکەنە بونەوەرێکی خاوەن مرۆڤایەتی، کە خۆی لە توانای ڕەخنەگرتن و پەیوەستبوونی ئاکاریدا دەبینێتەوە"، (فیتری، ١٩٧٣:٥)، بێگومان کلتور بە پێی قۆناغەکانی ژیان هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە. کەواتە کلتور هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، وەک مەعریفەیەک تاک لە کۆمەڵگەوە وەردەگرێت و فێری دەبێت.

**تەوەری دووەم: گرفتەکانی ژن لە کلتوری کوردی دا:**

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە سەرچاوەو لێکۆڵینەوە لە بواری کلتوری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەگشتی و ژن بە شێوەیەکی تایبەتی بەکەمی بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر خولێك بە مێژوودا بگێڕێت، یان سەرنجی هەندێ ناوچەی کوردستان بدەین، تا ئێستاش لە ژێر ئاڵای بنەمای ئاینی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی ژن دەچەوسێنرێتەوە، (ئەحمەد عارف) پێیوایە کێشەی ئازادی ژن لە کۆمەڵگادا لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرنگترینیان ئەوەیە " نا ئازادی پیاوە لە ڕووی فکرییەوە...هەتا پیاوێك بۆ خۆی ئازاد نەبێت لە بیرو بۆچوون و ڕاکانیدا، ئەوا ناتوانێت ئازادی بەو ژنەبدات کە لەگەڵیدا لەیەك سایەدا ژیان دەگوزەرێنن، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ ژنان بوونە بە کۆت و زنجیرو خەباتی نەپساوەی دەوێت، بۆ ئەوەی لێی دەرباز بن"( عارف ،٢٠١٠:٢٧) ، کەواتە نووسەر پێیوایە هێندەی ژن پیاویش گیرۆدەی دەست داب و نەریتەکانە، بە واتایەکی دیکە نەریتەکان بیرو بۆچونەکانی پیاویش کۆت و بەند دەکات و ناهێڵێت پیاوانیش هەندێجار ئازادبن لە بڕیاردان. هەروەها(ڤیان قانع) دەربارەی ئازادی ژنی کورد دەڵێت" ئافرەتی کوردیش پەروەردەی دەستی ئەو کلتورەیە، بۆیە ئافرەت لە نێو ئەو کلتوردا خاوەن کەسایەتی ئاڵۆزەو فۆرمێکی تری بەخۆوە گرتووە، ئافرەت هەمیشە سەرکوت کراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە، کە ئەویش ئەو ماڵەیە کە تێیدا دەژی و کپکراوە لە دەربڕینی هەموو ئەو هەست و شتانەی کە ئاسودەی بە دەروونیان دەبەخشێت،"( قانع، ٢٠١٢:١٦٨) لەمەش زیاتر تەنانەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناسنامە و بوونی ژنیش پەیوەست کراوە بە پیاوەوە، چونکە"ئافرەت هەمیشە لە سایەی سێبەری پیاواندا دەژین و لە ژێر فرمانی ئەواندا کاردەکەن، ژنان بۆ شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبێ لەسایە و پەنای پیاوان دابن، ژنان لە بنەماڵە دا


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

وەك هاوسەرانی باش و كچانی باش و دایكایەتی نمونەن لە كۆمەڵگەدا بە قبوڵكردنی ئەو یاسا و ڕێسا و سوننەتانەی پیاو دایدەهێنێت هوییەت و شوناسی كۆمەڵایەتی وەدەستدەهێنن و بۆ باشتر وەدەستهێنانی ئەم ڕۆڵە ڕۆژانە هاندەدرێن و تەشویق دەكرێن"( كریم،٢٠١٧:١٦)، هەر ئەمەشە وایكردووە، كە هەمیشە موڵكی خۆی نەبێت، چونكە "ئافرەت لەو ڕۆژەی لە دایك دەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، موڵكی خانەوادەیە، یەكەمجار باوك، دواتر برا، دواتریش مێرد، پێگەو ڕێزشی تەنیا ئەو پێگەو ڕێزەیە، كە پێشتر بۆی دیاریكراوە، ڕێگە نادرێت وەك بوونەوەرێكی سەربەخۆ دان بەو بوونەدا بنرێت كە ڕسەنایەتی خۆی هەیە"( كریم ٢٠١٩:٢٩٧)، (ئەحلام منصور)یش گرفتی ماف و ئازادی ژن لە كۆمەڵی كوردی بۆ هەمان كێشە دەگەڕێنێتەوە دەڵێت:"ئافرەتی كۆمەڵگەی كوردی زۆربەی ژیانیان لە زیندانێكدا بەسەر دەبەن، كە پێی دەوترێت ماڵەوە... هەمیشە ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی لە سێبەری پیاودا دەژی"( سەعدوڵلا، ٢٠١٣: ١٢٨) ،جگە لە داب و نەریتی كۆمەڵایەتی هەندێجار خراپی یاساكانیش هۆكارە بۆ چەوسانەوەی ژن و نایەكسانی لەماف و ئازادیدا وەك (قوبادی جەلیزادە) دەڵێت:"ئەگەر بەگشتی سەیری لایەنی كلتوری و فەرهەنگی كوردی بكەین، دەبینین كۆمەڵێك نەسەقە و دیاردەی زاڵ تێیدا باڵا دەستە و ڕەنگیداوەتەوە، زیاتر سەرچاوەكەی هەڵسوكەوت و نەریت و ژیانی ڕۆژانە و زۆرجاریش یاساكانە، دەبنە خەوشێكی تایبەت و لێرەوە نایەكسانی و ناڕۆشنی لە ناو ئەندامانی كۆمەڵ بڵاودەبێتەوە و هۆكارەكەشی باڵا دەستی گوتاری ئاینی و كۆمەڵایەتی و سیاسییە، كە بەهەمان تێگەیشتنەوە ئەندامانی كۆمەڵ سەیری ڕەگەزی ژن دەكە"(عبدالقادر حمه، ٢٠٠٩: ٦٨)، سەرەڕای هەموو ئەم كێشانە ژن مافی نارەزای دەربڕینی نییە، چونكە خۆی خاوەن بڕیار نییە لەم بارەوە (عەدالەت عومەر) پێیوایە"ئافرەت هەرچەندە نیوەی كۆمەڵە، بەڵام ئافرەتی كورد وەكو هەموو ئافرەتانی دنیا لە چەند لایەنێكەوە ڕووبەڕووی چەندین كێشە و ئاریشە بووەتەوە و چەوساوەتەوە، بۆنموونە ئافرەتی كورد هەر لە مێژە خاوەنی بڕیاری یەكجارەكی خۆی نەبووە، بەڵكو دەوروبەر ڕۆڵی هەبووە لە بڕیاردانی ئافرەت و مافی و هەركاتێكیش بیەوێت دەنگی نارازی خۆی بەرز بكاتەوە، ئەوە لەلایەن كۆمەڵەوە دەمكوت كراوە، (عومەر،٢٠٠٢:٩٠)، چونكە "ژنی كورد لەلایەن كۆمەڵگایەكی پیاو سالارەوە لە هەردوو باری جەستەیی و دەروونییەوە داگیركراوە و مافی تەواوەتی نەدراوەتێ، كە دەڵێن ژنی كورد سەربەست بووە و شان بە شانی پیاو كاری كردووە، ئەمەش بەكارهێنانێكی دیكەی مێنەبووە لە بواری وزە و تواناكانی بۆ جێبەجێكردنی كارو فرمانی هاوبەشی ژیان، (كریم.٢٠١٩:٩)، ئەم دۆخە سەختە هەربەردەوامی هەبووە بەتایبەت لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەكان بارودۆخی ژن لە دۆخێكی دژواردا بووە، ژن نەیتوانیوە ڕای خۆی دەربڕێت، هەروەها لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان لە دەستی باوك و براو خزم دابووە، ئەگەر ژن هەڵەیەكی بكردایە ئەوە لە لایەن كەسوكارەكەیەوە تەنانەت حەق دەدرا بە ئامۆزاش كە خوێنی حەڵاڵ بكەن، زۆرجاریش لە لایەن مەلاو ئاغاو گەورەكانەوە فتوای


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

کوشتنیان دراوە، ئەم دیاردەیەش بەجۆرێك لە جۆرەکان لەهەندێك ناوچەی کوردستان بەدی دەکرێت، هەربۆیە پێویستە"ژن سەرەتا مافەکانی خۆی بناسێ، هۆشیاربێ، لەلایەنی ئابوری و زانستیەوە ئێمەی ژنی ئەم کۆمەڵگایە دەبێت بخوێنین، ئەبێ خۆمان ڕۆشنبیر بکەین، ئەبێ یاخی بین لەو داب و نەریتە سەپاوانەی کە بوونەتە بەشێك لە چەوسانەوەمان"،( موکریانی، ٢٠٠٧:١١)، لەم نێوەندەدا ڕۆماننووس زیاتر هەست بە کێشەی نێو کۆمەڵگەکەی دەکات، کە ئەوکێشانەش لە ئەنجامی نا هاوسەنگی نێوان تاکەکانی کۆمەڵەوە دروست دەبێت. هەروەك وردزۆرس دەڵێت: "ئەو بابەتەی نووسەر هەڵیدەبژێرێت، دەبێ لەناو جەرگەی ژیانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتبێت"،( عزیز،١٩٨٣:٤٩).

**بەشی دووەم: گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) ی بەختیارعەلی دا**

**تەوەری یەکەم: ناساندنێکی گشتی ڕۆمانەکە:**

(نەفرەتی نەوبەهاران) نوێترین ڕۆمانی ڕۆماننووس(بەختیارعەلی)یە، ئەم ڕۆمان لە (٢٦٢)لاپەرە پێکهاتووە و نووسەر تەواوی ڕۆمانەکەی بەسەر (١٢) چیرۆکدا، دابەشکردووە. ئەویش لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە، کە ئاگاداری تەواوی چیرۆکەکەیەو لە زمانی ئەوەوە نووسەر بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی بونیادی گێڕانەوەوە، فرە کارەکتەرەو ڕۆڵی سەرەکی تێیدا لەنێوان چەند کارەکتەرێکدا دابەشکراوە. شوێنی ڕووداوەکان، باشووری کوردستانە و زەمەنی ڕووداوەکانی بۆناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەتایبەت چەقی ڕوودانی چیرۆکەکان دەکەوێتە سەروبەندی شۆڕشی ئەیلول و هەرەسی شۆڕشەکەو دواتریش دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ناوەڕست و کۆتایی ساڵانی حەفتاکان دا.

بەشێوەیەکی گشتی بابەتی ڕۆمانەکە و هێڵەگشتیەکانی، قسەکردن و وەستانە لە سەرپرسی (شەرەف) وەك بابەتێکی کلتوری، ئاینی، ناوچەیی و کۆمەڵایەتی. بەڵام بنەمای سەرەکی دەقەکە شیکردنەوەی دۆخی(جەلاد و قوربانی)یە، وەك دووکارەکتەری مەحکوم بە دابونەریتەکانی خێڵ و کۆمەڵگە. جگەلەوەی ڕۆماننووس دەیەوێت دەست بۆ باسکردنی پرسگەلێکی دیکەی وەك پرسی ئیسلامی سیاسی و مەترسی گروپە توندڕەوەکان بەرێت و لەو ڕێگەیەوە و بەگێڕانەوەی ئەو مێژووەو لەسەر وەستانی، شەنوکەوێکی دۆخی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئاینی کورد لەم بەشەی، کەپێی دەوترێت باشووری کوردستان بکات.

ئەم ڕۆمانە بەگێڕانەوەی ژیانی کارەکتەرێك دەستپێدەکات بەناوی (کامیل ئاغا)، کە ئەم پیاوە سەرۆك عەشیرەتەو خاوەن قسەو بڕیارو کەسایەتی خۆیەتی لەناو خەڵك و عەشیرەت و خێزان و چواردەوریدا، بەڵام بە کڕینی (کامێرایەك)ی فوتوگرافی لەساڵی (١٩٥٧)دا و دواترگرتنی وێنەیەکی ڕووتی خێزانی کە دەیەوێت بۆ دوای مردنی بمێنێتەوە، بەتەواوی ژیانی ئەم ئاغایە دەگۆڕێت و هەر


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

لێرەشەوە تەواوی ڕووداوی ناو چیرۆکەکە دەستپێدەکات، خێزانی ئەم (کامیل ئاغا)یە ناوی (گێلاسی نەوبەهاران)ە. کە لە ڕووی جەستەیی و ڕوخسارەوە، تا بڵێت خانمێکی جوان و بەویقارەو لە زەمەنی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، دەبێتە قوربانی گەورەو بەهۆی ئەو جوانیەشیەوە هەموو ژیانی بەنەهامەتی و دەردەسەری بەسەر دەبات.

ئەم خێزانە خزمەتکارێکیان بەناوی (گورجی) هەیە، کە خۆی و (قاسم)ی هاوسەری هۆکاری تەواوی نەهامەتییەکانی ئەم چیرۆکەن، چونکە وێنەی ڕووتی نەوبەهاران دەفرۆشنەوە بە نەیارانی ئەم بنەماڵەیە. جیا لەمانەش چەندین کارەکتەری دیکە هەن، کە ڕۆڵی جیاجیایان لە چیرۆکەکەدا هەیە و جێپەنجەی خۆیان بەسەر ژیانی ئەم خێزانەوە جێدەهێڵن، وەک خەلیفە عیسا، حەسەن ئیلهام، خانی زەرد، براکانی گێلاسی نەوبەراهان، (سەدرەدین و سیراجەدین و عیمادەدین و زیائەدین) کە زیائەدین، زۆرترین ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی خوشکەکەی، جگەلەوەی جابۆ و خەتیبی گەورە، موعتەسەم نیازو زوهێری مەسۆو حاکم بەدر غەنام و سەید لوتفەدین، ئارام شاو ملازم حەسۆ و شەمدۆ سوور بارانی و (شەمدین و زۆزان) کە ئەم دوانەیان منداڵی کامیل ئاغاو گێلاسی نەوبەهارانن و چەندین کارەکتەری دیکەش، کە هەریەکەیان ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لەم چیرۆکەدا هەیە.

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە لە ڕووی زەمەنی مێژووییەوە نزیك بە شەست بۆ حەفتا ساڵێك درێژە دەکێشێت و لەو ماوەیەشدا بەهۆی تەنها وێنەیەکەوە چەندین ڕووداوی سەیرو نەخوازراو تراژیدی ڕوودەدەن، کە نووسەر ئاقڵانەو تەون ئاسا وەك جاڵجاڵۆکە گرێچنی ڕووداوەکان پێکەوە گرێدەدات، بەجۆرێك، کە لە گێڕانەوەی ڕووداوێکەوە دەتبەستێتەوە بە ڕووداوێکی دیکەوەو بە دڵەخورپەو هەناسەسوارییەوە وادەکات، وەك خوێنەرو گوێگرو بینەر چاوەڕوانی دیمەن و گێڕانەوەی دیوی دواتری ڕووداو چیرۆکەکانبین.

لەم ڕۆمانەدا (بەختیار عەلی) جیاواز لە کارەکانی دیکەی دەست بۆ بابەتێکی ئێستایی، بەڵام خاوەن ڕیشەی کۆن و قوڵی کلتوری کۆمەڵگەی ئێمە دەبات، کە بابەتی (شەرەف) و ناوزڕاندنە. ئەم بابەتە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی کۆمەڵگە خێڵەکی و دواکەوتووەکان و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تێگەیشتنی هەڵە لە واتاو مەعناو مەغزا سەرەکییەکانی خودی وشەکەوە هەیە وەك چەمك، چونکە لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و کراوەکانی دونیادا جۆرێکیتر لە تێروانین بۆ ئەم بابەتە هەیەو خودی وشەکەش واتای تری هەیە، کە بێگومان ئاستی هۆشیاری تاك و تێگەیشتن لە نەریت و ئاین، ڕۆڵی سەرەکیان لەم بابەتەدا هەیە، ئەگەر لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا شەرەف وەك بنەماکانی ڕەوشتی تاکێکی بەڕێز، کە خۆی لە خیانەتە ئەخلاقی و ئاکاریەکانی، وەك خیانەت نەکردن لە نیشتمان و نەتەوەو خۆپاراستن لە گەندەڵی مادی وفەسادی کۆمەلاتی وێنابکرێت، ئەوا بە داخەوە لە کۆمەڵگە نەریت و خێڵەکی و


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

مەزهەبیەکاندا خودی شەرەف، وەك بابەتی موڵکداری و خاوەندارێتی چاوی لێکراوەو بۆ ئەمەش قوربانی گەورە مێینەیە، چونکە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا کەسایەتی و عیزەت و گەورەیی ئینسان، بە پاراستن و نەبینینی جەستەی ژنان لەلایان نامەحرەمەکانەوە، تەماشاکراوەو ڕێزو بایەخی زۆریشی بۆ دانراوە، بەجۆرێك نەك تەنها جەستەی نەبینراو پارێزراوی ژن، وەك هێمای گەورەی و بەنرخی دادەنرێت، بەڵکو ئەم پێناسەو نرخاندنانەش بۆ خودی ژنەکەش دەکرێت، بەو واتایەی ژن ئەوەندە بەنرخ و بەڕێزەو مافی بوون و ژیانی هەیە، کە جەستەی لەلایان نامەحرەمێکەوە نەبینرێت و بەکارنەهێنرێت، واتە پاکیزەیی، بڕیار لەسەر مرۆڤ بوون و نەبوونی ژن وەك بوونەوەر دەدات، لەکاتێکدا هەمان ئەو پیاوەی ئەم جەستەیە دەبینێت و بەکاری دێنێت و بە مافی خۆی دەزانێت دەستی بۆ ببات، هیچ یەکێك لەو پێناسەو تێروانینانە نایگرێتەوە، هەر وەك نووسەر لە لاپەڕە (٢٥٣) ئەم ڕۆمانەدا باس لەو تێڕوانینە چەقبەستو و کۆنەپارێزەی مرۆڤی ئێمە بۆ پرسی شەرەف دەکات، چونکە لە دیدی خێڵەکی و نەریتگەراییەوە، ژن تەنها ئامێری کارکرن و کاڵایە و وەزیفەی سەرەکی ئەو وەچەخستنەوەیە بە شێوەیەکی شەریفانە، ئەوەی کە پێی دەوترێت (پاکیزە)بوون، کە ئەم تێڕوانینەش جگە لە وەهم و بوونی گرێی دەروونی نێرانە هیچی تر نییەو سەرەنجامیش ئەو کارەسات و بەدبەختییانە بەدوای خۆیدا دێنێت، کە ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانە ئامارەکانی کوشتن و لەناوبردن و سڕینەوەی ژنان و لێسەندنەوەی مافی ژیانیان ڕووی لە هەڵکشانە. خاڵی جەوهەری و سەیری ئەم بابەتەش لەوێدایە، کە پێشکەوتنی زانست و بەکارهێنانی ئامێرە زیرەك و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیایی مۆدێرن، لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا نەك نەیتوانیوە کاریگەری و ڕۆڵی لە چارەسەری ئەم کێشەیەو گۆڕینی تێڕوانین بۆ خودی وشەی (شەرەف) هەبێت، بەڵکو خودی ئەو زانست و پێشکەوتنە بۆتە بەڵایەکی گەورەو ڕێخۆشکەر بۆ تەشەنەسەندن و شەرعیەتدان بەو کوشتنانە، چونکە لە تێڕوانینی خێڵەکیدا، پرسی شەرەف پەیوەندی بە پیاوەتی پیاوەوە هەیەو وێنەی پیاو بوونیش هەمیشە وێنەی مرۆڤە باڵاو گەورەکەی ناو کۆمەڵگەیە، کە هەمیشە حەز بە سەیرکردنی ئەو وێنە گەورەیەی خۆی هەیە، ئەوەتا لە لاپەڕە (73)دا دەڵێت" حەزی مرۆڤ بۆ سەیرکردنی خۆی لە حەزی بۆ سەیرکردنی خودا گەورەترە" لێرەدا سەیرکردن بۆ خۆی یان خود، ئەو وێنە گەورەو پیرۆزەیە کە پیاو هەرگیز نایەوێت بچوك و لەکەداربێت، چونکە هەر جۆرە لادانێك لە شەرەف و لەکەدارکردنی بێشەرەفی بۆ پیاو دێنێت و پیاو بێ شەرەف دەکات، کە پیاوی بێشەرەفیش لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا جێگای نابێتەوە، (بەختیار عەلی) وەك نووسەرو ڕۆشنبیرێك، زۆر ژیرانە ئەم بابەتە کە بابەتی هەنوکەی و بەردەوام و مەترسیداری ناو کۆمەڵگەی ئێمەیە، دەکاتە تێما و بنەمای سەرەکی ئەم بەرهەمە نوێیەی و لە ڕێگەیەوە ئەم پرسە دەوروژێنێت و باس لە هۆکارو دید و مەترسیەکانی ئەم بابەتە دەکات، ئەو باش دەزانێت تێنەگەیشتن لە شەرەف تێنەگەیشتنە لە جەوهەری مرۆڤ، لە لاپەڕە (227)دا دەڵێت" شەرەف دەمانکات بە جانەوەر" کە بێگومان باسکردن لەم بابەتەش


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

پەلکێشمان دەکات بۆ باسکردن لە بابەتەکانی پرسی (ئاین و ئاینداری، تاوانبارو تاوانلێکراو، جەلاد و قوربانی، تۆڵەسێن و تۆڵەلێکراو، عاشق و ترسی لەدەست دانی عەشق)، ئەمانەش هەموو ئەو بابەتانەن، کە باش تێنەگەشتن لێیان و دروست نەخوێندنەوەیان، شیرازەی کۆمەڵگاو پرسی ئاشتەوایی دەخەنە ژێرمەترسی گەورەوە، هەربۆیە وروژاندنی هەموو ئەم بابەتانە کە گرێدراون پێکەوە لەم ڕۆمانەدا، دەبنە تێمای دەقەکە، نووسەر باس لەو زوڵم و تێگەیشتنە هەڵەی پیاو و کۆمەڵگە بۆ جستەی ژن دەکات، کە هەمیشە بەموڵکی خۆی زانیوە و نەی هێشتووە ژن خۆی وەك مرۆڤ خاوەندارێتی لێبکات.

هەرچی دەربارەی چارەنووسی (کامیل ئاغا)یە دوای ئەوەی سەرۆکی خێڵ و عەشرەتەکان دەچنە پاڵ سوپای حکومەت دژی شۆڕشگێرە کوردەکان، سەرۆک عەشرەتەکان بوون بە سێ دەستەوە، هەندێکیان خۆیان دایە پاڵ سوپا، هەندێکیان چوونە پاڵ شۆڕش و هەندێکیشیان بێلایەن مانەوە، (کامیل ئاغا) لەوانە بوو کە بێلایەن بوو.(خەلیفە عیسا)ی سەرۆکخێڵی ڕۆشارییەکان چونکە خۆی چووبووە پاڵ حکومەت، وێنەیەکی ڕووتی هاوسەری (کامیل ئاغا) وەک فشار بەکاردەهێنیت، ناچاری دەکات خۆی و خێڵی سوورباران بچنە پاڵ حوکوومەت. بۆیە ناچاربوو ببێتە چاکداری دەوڵەت. پاش ئەوەی کامیل ئاغا تێوەگلا و بووە چاکداری دەوڵەت لە یەکێک لە جەنگەکاندا گوشەیەک سینگی دەپێکێت و کۆتایی بە ژیانی دێت.

**تەوەری دووەم: :گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی( نەفرەتی نەوبەهاران)ی بەختیار عەلی دا:**

لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننوس دەیەوێت دەستبخاتە سەر برینەکانی ژن، کە حەرامی کۆمەڵایەتی و دینی و سیاسی مەودایەکی نەهێشتۆتەوە بۆ ماف و ئازادی ژن لەم نیشتیمانەدا، ئەمەش لە ڕێگەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە کە ژنێکە بەناوی (گێلاسی نەوبەهاران)، هەڵبژاردنی نازناوی (نەوبەهاران) بۆ ئەم کارەکتەرە بۆخۆی گوزارشتە لەوەی، کە ئەم کارەکتەرە لە بەهاری تەمەندا دەکرێتە قوربانی کلتور، کاتێک وێنەیەکی ڕووتی بڵاو دەبێتەوە و ئەم وێنەیەش لەلایەن هاوسەریەوە دەگیرێت، بەڵام لەلایەن خزمەتکارێکییەوە دەفرۆشرێت، کە ئەویش هەر ژنە، ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا هۆکاری بە قوربانی بوونی ژن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەم ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئاینییەیانە:

**شەرف کۆت وبەندی ئازادی ژن:**

شەرف ئەو کۆت و بەندەی کە لە مێژە ئازادییەکانی ژنی کوردی دیل کردووە، " قفڵدانی جەستەی ژن بە کۆدی شەرەفە، ئەمەش وایکردووە جەستەی ژنی رۆژهەڵاتی جەستەیەکی داخراوە. مەبەست لە داخراوی جەستەی ژن، ئەوە نیە کە ژن تەنیا لە بەکارهێنانی جەستەی بۆ سێکس ئازاد نیە، نەخێر، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە دەیان خاڵی تر کە لە جەستەی ژن قەدەغەکراوە. جەستەی ژن داخراوە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

بەرووی هەموو ئازادییەکی ئاسایی و جوڵەو ئەرکی ئاسایی ڕۆژانە، بەهۆی شەرەفەوە.(قەرەداغی،١٥:٢٠٠٤). بەڵام بە پێچەوانەوە شەرەفی هەر مرۆڤێک بریتییە لە ئاکاری باشی ئەو مرۆڤە! ئاکاری باشیش بریتییە لە ڕاستگۆی، دەستپاکی، مرۆڤ دۆستی، ژیان دۆستی و دڵسۆزی ...هتد. لە نێو ڕۆمانەکەدا تەوەری سەرەکی پرسی شەرەفە، کاتێک وێنەیەکی ڕووتی کارەکتەری سەرەکی(گێلاسی نەوبەهاران) بڵاودەبێتەوە دەبێت بە نەفرەتێکی هەمیشەیی بۆ ئەم کارەکتەرە و خێزانەکەشی، چونکە وەک گێڕەرەوە دەڵێت "ئەو وێنەیە تا مردن وەک تەوقێکی ترسناک لە گەردنتدا دەمێنێتەوە، کێ چوزانێت ڕەنگە وەک نەفرەتێک بۆ هەتا هەتایە بە دوای هەموومانەوەبێت"، (عەلی، ٢٠٢٤:٤٨)، تەنانەت ئەم وێنەیە دەبێت بە مۆتەکەی تەواوی براکانیشی و بۆ هەمیشە دەبن بە دیلی ئەم وێنەیە، وەک یەکێک لە براکانی دەڵێت" من تا دەمرم کۆیلەی ئەو کەسە دەبم وێنەکەی دەکەوێتەلا، تا دەمرم ژیان و مردنم، لەدەستی ئەوانەدا دەبێت وێنەکەیان دەکەوێتە دەست"، (عەلی،٤٣:٢٠٢٤)، بۆیە ڕۆماننووس جەستەی ژن هەمیشە وەک بابەتێکی هەستیار وەسف دەکات، کە لە هەرکاتێکدا دەشێت ژیانی خۆی و خێزان هەڵوەشێنێتەوە "خوشکەکەیان شتێکی مەترسیداری هەبوو، شتێک دەیتوانی لە بنەوەڕا ژیانیان هەڵتەکێنێت، ئەوشتە ترسناکەش جەستەی بوو، تا ئەوکاتە بیریان لێ نەکردبووەوە، جەستەی خوشکەکەیان، جەستەی ژنەکانیان، جەستەی کچەکانیان دەشێت ئاوا ترسناک بێت"،(عەلی، ٢٠٢٤:٦٣) ئەم ترسە بەردەوامەش وادەکات هەروەک گێڕەرەوە دەڵێت ئەم وێنەیە بووەتە نەفرەتێکی هەمیشەیی بۆ ئەم خاتوونە"ئێستا ئەوە بۆتە نەفرەتێکی ڕەش... نەفرەتەکەش نەفرەتی خۆی، نەفرەتی ژنێک پێیان دەگووت خانمی نەوبەهاران"،(عەلی، ٢٠٢٤:٢٦٢)، لە کاتێکدا لە نێو کۆمەڵگەدا هەموو کارەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی دەبەسترێتەوە بە کارێکی ڕەوشتییەوە "ئیدی مرۆڤ دووچاری نامۆ بوون دەبێت، بە تایبەت بۆ کۆمەڵگەیەک کە هەموو ئازادییەکانی ژنان ببەستێتەوە بەکاری ڕەوشتیەوە، دەرچوونیش لەو سنورەی بە ناوی ڕەوشتەوە کێشراوە گەورەترین سزای لەسەربێ ئیدی مافی ئینسانی بوونی لێ زەوت دەکرێ و چەندین دەستوورو یاساو سنوری جۆراوجۆر بەدەوریدا دەکێشرێت".( کەریم،٢٠٠٢،٣١)، بۆیە سەرئەنجام خاوەنی، ئەم وێنەیە کە لەسەرەتای تەمەنی گەنجییدایە بڕیاری شاردنەوەی هەمیشەیی دەدرێت لەلایەن براکانییەوە، وەک (زیائەدین) دەڵێت:"برایان دەبێت سەر لووتی خۆمان ڕەشبکەین و شارەکە بە جێبهێڵین... تا لە ژیاندا بین لە هەر جێگایەک بین ڕیسوادەبین ......گێلاس دەشارینەوە، بۆ هەتا هەتایەدەیشارینەوە، دەیبەین بۆ جێگایەک و زیندانی دەکەین، بەجۆرێک ئیتر کەس چاوی پێنەکەوێت، با ئەوەی نەیبینوە نەی بینێت، ئەوەشی بینیوێتی وێنەکەی لە یادیدا کاڵ بێتەوە ئێمە ئەو وێنەیەمان بۆ کۆناکرێتەوە، بەڵام دەتوانین خاوەنی وێنەکە بشارینەوە" (عەلی، ٢٠٢٤،٥٩)، کەواتە نووسەر پێیوایە هێندەی ژن پیاویش گیرۆدەی دەست داب و نەریتەکانە، وەک لێرەدا ئەم برایانە ترسی لەدەستدانی شەرف و نەریتەکان و قسەی نێو کۆمەڵگە ناچاری کردوون


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

خوشکەکەیان بیشارنەوە ، لە پێناو پاراستنی شەرەفیان هەروەها (کامیل ئاغا)ی هاوسەری دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ڕووتی هاوسەری، (خەلیفە عیسا)ی سەرۆکخێڵی ڕۆشارییەکان، وێنەیەکی ڕووتی هاوسەری (کامیل ئاغا) وەک فشار بەکاردەهێنیت، ناچاری دەکات خۆی و خێڵی سووورباران بچنە پاڵ حوکوومەت. بۆیە ناچاربوو ببێتە چاکداری دەوڵەت. پاش ئەوەی کامیل ئاغا تێوەگلا و بووە چاکداری دەوڵەت لە یەکێک لە جەنگەکاندا گوشیەک سینگی دەپێکێت و کۆتایی بە ژیانی دێت. بۆیە سەرئەنجام ئەم کارەکتەرە(نەوبەهاران) وەک ماموستا ئەنوەر بە کچەکەی دەڵێت:"دایکتان بەجۆرێک لە جۆرەکان قوربانیی هەمووسەردەمەکەی بوو، کەروێشکێک بوو لە ئەشکەوتی گەرگەکاندا"، (عەلی،٢٠٢:٢٠٢٤). واتە هەمیشە پیاوان گورگ ئاسا لە بۆسەدان بۆ ڕاوکردنی ژنان و پاشان بە قوربانیکردنی.

ئەمە جۆرە لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتن بە وێنەی جەستەی ڕووتی نەوبەهارانییەوە وایکرد، ئەم کارەکتەرە ڕقی لە هەموو پیاوان بێتەوە بێ جیاوازی، چونکە پێیوایە پیاوان لە نێو هەموو کایەکاندا ژنیان بەکارهێناوە بۆ شەڕی بەرژوەندییەکانی خۆیان، بۆیە گێڕەرەوە بەم جۆرە دۆخی دەروونی ئەم کارەکتەرە بەرامبەر بە پیاوان دەخاتەڕوو: "ئەو ڕقی لە پیاوێکی دیاریکراو نەبوو، ڕقی لە هەموو ئەو ڕەگەزە مەلعونەبوو، ئەو بووبوو بە یاری و بوکەڵەی دەستی چەپەڵیان، لەو شەوەوە کە وێنە ڕووتەکەی خۆی لە بەردەم ئەو هەموو پیاوە زلەدا بینی، ئیدی بڕیاریدا ژیانی بۆ تۆڵە لە پیاوان تەرخانبکات"،(عەلی،١١٤:٢٠٢٤)

دواجار ئەم نەفرەتکردنە لە خانمی نەوبەهاران بۆ کچکەشی(زۆزان) دەمێنێتەوە، بۆیە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ئارەزووی مردن دەکات، چونکە لەلایەن کۆمەڵگەوە سزای ئەو وێنە ڕووتەی دایکی دەدرێت، کە لە تەمەنی چەند مانگیدابوو ئەم دایکە بەجێیهێشتووە، بەڵام ئێستاش ئەم دەبێتە قوربانی، بۆیە کە دەچێتە خوێندنگە بە ماموستاکەی دەڵێت: "ماموستا دەمەوێت بمرم، من وەک ئەوانیتر نیم نە دایکم هەیە نە باوک، نە ئەو خەڵکەی لەگەڵیان دەژیم حەزیان لە چارەمە... پێم بڵێ چۆن دەتوانم بمرم"،(عەلی، ١٩٧:٢٠٢٤)، بەڵام پاش گەورەبوون و پێگەیشتنی لەلایەن ڕۆماننووسەوە جۆرێک لە هەڵوێستی پێدەدرێت، دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەم کارە نامرۆڤانەیە بێتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا، بە (شەمدۆ)ی برای دەڵێت: "گوێبگرە شەمدۆی نەفام، تۆش وەک باوکم، وەک مامەکانم بیردەکەیتەوە. ئەم وێنەیە لای من دەبێت، هیچ مەخلوقیک دەستی پیادا ناگات، ناهێڵم هیچ ئادەمیزادێک دەستی بیگاتێ تا ئەو ڕۆژەی وادەکەم هەمووتان، تۆ و هەموو پیاوە مەلعونەکانی تر شەرم لە خۆتان بکەن". (عەلی،٢١٤:٢٠٢٤).



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

له کۆتایی ڕۆمانەکەدا خانمی نەوبەهارانی دەیەوێت دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە هەموو چینەکانی نێو کۆمەڵگە بەرزبکاتەوە بە خەتیبی گەورە دەڵێت:" من ئینسانم، من پەیژەی تونیم بەسەرمدا سەربکەویت بۆلای خودا، تۆو پیاوەکانی تر، بۆ ئەوەی شەرەفتان هەبێت بەسەر لەشی مندا سەردەکەون، بۆ ئەوەی ئابڕوتان نەچێت، لەشی من بەکاردێنن، ئەگەر لەشی من نەبێت ئێوە کەستان هیچ نین، بەڵام ئەگەر خودایەك هەبێت داد پەروەربێت، قبووڵی ناکات تۆ بەسەر لەشی مندا بپەڕیتەوە تا باوەش بەودا بکەیت"(عەلی، ٢٠٢٤:٢٣٧)، ئەم کارەکتەرەئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کەپیاوان لە هەموو چین و توێژەکان دەیانەوێت ژن بکەن بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بۆیە لە کۆتاییدا بڕیار دەدات تۆڵەی خۆی بکاتەوە و سەرەتاش لە خەتیبی گەورەوە دەست پێدەکات و دەیکوژێت و دەڵێت: "ئێستا دەتوانیت بچیت بۆ ئەو بەهەشتەی، شەیتانەکانی وەک خۆتی لێن"(عەلی، ٢٠٢٤:٢٣٦).

له نێو سەرجەم کارەکتەرەکاندا (شەمدۆ و زیائەدینی) گۆڕانێک لە هزریان بەرامبەر بە چەمکی (شەرف)ڕوودەدات، ئەگەرچی (شەمدۆ) لە سەرەتادا ترسی لەدەستدانی شەرف ئەم کارەکتەرە دەکاتە مرۆڤێکی دڕندە و دەیەوێت ئەو دۆخە دەرونییە ئاڵۆزەی کە تێیدایە بەهۆی ترسی لەدەست دانی شەرەفەوە بەردەوام لە نێو کۆمەڵگەدا هەبێت دەڵێت: "دوای خۆم دونیایەک بەجێدەهێڵم، خەڵکێکی زۆر بەردەوام لە ترسی ئەوەدابن شەرفیان لەدەست نەدەن"،(عەلی،٢٠٢٤:٢٢٩)، بەڵام لە کۆتاییدا دوای تێپەڕین بە چەندین ئەزموونی تاڵدا کاتێک شەمدۆ لە شاخ لەلایەن دوژمنانەکانیەوە وێنەی ڕووتی دایکی لە دژی بەکاردێت، ئەم کۆمەڵێک وێنەی ڕووتی ژنان دەکاتە زەرفێکەوە دەڵێت" "تۆ دەبێت وەڵمبدەیتەوە مولازم، ئەگەر شەرفی من ئەو وێنەیەی دایکم بێت، ئەوا شەرفی ئێوەش ئەم وێنانەیە کە لەم زەرفەدایە... سەیرکە، شەرف چ شتێکی پوچە، شەرفی هەزاران کەس لەم زەرفە بچوکەی دەستی مندایە".(عەلی،٢٠٢٤:٢٢٦)، ئەم کارەکتەرە ڕەخنە ئاراستە کۆمەڵ دەکات ناکرێت شەرەفی مرۆڤێک(ژن) تەنیا لە وێنەیەکدا بچوک بکرێتەوە، هەروەها (زیائەدین)ی برای نەوبەهاران لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا پێمان دەڵێت گەر بڕیاربێت جەستە شەرفی مرۆڤ بێت ئەوا هیچ جیاوازییەک لەنێوان جەستەی ژن و پیاودا نییە، گێرەرەوە دەڵێت:"هەموو ژیانی وایزانیبوو شەرفی تەنیا بە لەشی ژنەکانییەوە بەندە، ئێستا بۆ یەکەمجار لەشی خۆی وەک چەقی هەموو بوونی خۆی دەبینی، بە درێژایی هەموو ژیانی لەشی خۆی، ئارەزووەکانی خۆی وەک شتێکی ئاسایی و سروشتی وەرگرتبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا کەسێک دێت و ئاوێنەیەک دەداتە دەست تەواوی ئەو جیهانە هەڵدەگێڕێتەوە"، (عەلی،٢٠٢٤:٢٥٧)، دواتر ئەم کارەکتەر دەیەوێت بمرێت چونکە نیوەی نەوبەهارانی خوشکی بوو لە ناوی برد، نیوەکەی ترش کە ڕەهەندە نێرینەکەیە دەبێتە دڕندە، ڕەهەندە مێینەیەکەی کە مەبەست لێی نەرم و نیانییە لەناوبرد، بە بێ ڕەهەندی نەرمونیانیش دیوە نێرینەکەی تەنیا دڕندەیەکی

لێدەردەچێت:"زیائەدینی ڕاستەقینە کە منداڵێکی جمک بوو، نیوە مێینەکەی خۆی خنکاند و لە نیوە نێرینەکەی دڕندەیەکی تاشی"، (عەلی،٢٦٠:٢٠٢٤)

جێگەی سەرنجە ڕۆماننووس ئاماژە بە گرفتێکی دیکە ژنان دەکات لە نێو کلتوری ئێمەدا، کە زۆر جار ژن وەک بونەوەرێکی لاواز لە ڕووی عەقڵیەوە سەیر دەکرێت، ئەمەش کاتێک، کە هاوسەری (گورجی) بەم جۆرە وێنەی گورجی بۆ خوێنەر دەکات، کە وتەیەکی دەهێنێتەوە لە بارەی ڕەزیلیەوە: "دەڵێت ئیزائیل سەرەتا سەیری گیرفانت دەکات، ئەگەر پارەی زۆری تێدابوو دەڵێت، جارێ با ئەوەش خەرجبکات ئەوسا ڕۆحی دەکێشم... بڵێم چی، ئیتر عەقڵی ژنە و وابیردەکاتەوە"،(عەلی،١٨٧:٢٠٢٤)، ئەمجۆرە لەبەکەم سەیرکردنی ژن لە ڕووی عەقڵیەوە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵکو تەنیا نەرتێکی کۆمەڵایەتی نادروستە.

**ئاین فاکتەرێکی دیکە کۆتو بەندکردنی ژن:**

کاتێک بمانەوێت قسە لە سەر ڕۆڵی ئاین لە ڕۆماندا بکەین، پێویستیمان بە لێکتر جیاکردنەوەی دەقە ئایینیەکان دەبێت، وەکو تێکستی پیرۆز و یاسا و ڕێسای تایبەتی ئاین، لەگەڵ دین وەکو ئەو ڕەفتار و کردارانەی شوێنکەوتووانی لە کاتی پراکتیزەکردنیدا لەخۆیاندا بەرجەستەی دەکەن، بە واتایەکی تر دین ودینداری لە یەکتر جیابکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس پێیوایە ئەوەی کە ئاین و ئامادەیی بەهێزی لە کۆمەڵگە و ئەو کلتور و بیرکردنەوانەی لە ئەنجامی کۆمەڵگەیەکی ژێردەستەی ئاینی بەرهەم دێت، فاکتەری سەرەکیین لە چەوساندنەوەی ژن و ڕێگری گەورە و دیوارێکی ئەستورە لەبەردەم ژنان بۆ ئەوەی بە ئازادی و دوور لە دەسەڵات و هەژموونی ئاینی مومارەسەی مافەکانیان بکەن، چونکە "ئاین دەبێتە بناغەیەکی پان و بەرینی ئەو کۆمەڵگانە و ژیان وگوزەران و نۆرم و نرخاندنەکانیان بۆ دیاریدەکات و ئەوانیش لە سەری دەڕۆن، ئاین دەبێتە ئەتەکێتێکی دیاریکراو بۆ خەڵك و ئەوانیش بە پێی ئەو ئەتەکێتە دەجوڵێنەوە و چالاکی کۆمەڵایەتی دەکەن" (سدیق، ٢٠٠٥: ١٣١).

لە نێو ئەم ڕۆمانەدا ڕێبەرانی ئاینش وەک چینێکی گرنگی نێو کۆمەڵگە بەشدارن لە چەوساندنەوەی ژن ئەمەش کاتێک وێنەی ڕووتی خانمی نەوبەهاران بڵاو دەبێتەوە خەتیبی گەورەی شارەکە دەڵێت" دەبێت ئەو ژنە بدۆزینەوە و ڕێنمایی بکەین لە ژێر چەپۆکەی شەیتان بێتەدەرێ، ڕێنمایی بکەین ڕێگای پاکی بناسێت... ئەوە وەزیفەی منە یارمەتی بدەم". (عەلی،٨٥:٢٠٢٤)، بەڵام ئەم ڕێنمایکردنەی لەڕوانگەی لاوازی ژنانەوەیە، چونکە دەڵێت: "من پیاوی خودام، ئیشمە ڕێگە لە گومڕابوونی مرۆڤەکان بگرم، وەزیفەی پیاوانی دین بەرامبەر ژنان گەورەترە تا لە بەرامبەر پیاوان، ژنان بە حوکمی لاوازییان زۆرتر هەڵەدەکەن، لێرەوە واجبی ئێمە بەرامبەریان چەندین قات گەورەترە". (عەلی،١٢٠:٢٠٢٤)، جێگای ئاماژەیە ئەم ڕێنمایکردنەشی بە شێوەیەکی توندوتیژانە بووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت"

"هەندێک شەو بە حەیزەران، بە شوڵک، بەسۆندە لێمدەدا تا بە ڕاستی فێری تاعەتی خودا ببێت، تا بیر لەوە بکاتەوە ببێت بە ڕۆحێکی ساف وبێگەرد، (عەلی،٢٠٣٤:٢٣٨)، واتە دەیەوێت لە ڕێگەی لێدانەوە بیخاتە سەر ڕێی تاعەت و خوداپەرستی ئەمەش بۆ خۆی ڕێگەیەکی نادروستە، دواتر و دوای بردنی ئەم خانمە بۆ شارێکی باشورو دوورخستنەوەی لە شارەکەی خۆی لەلایەن خەتیبی گەورەوە، هەر خودی خەتیب دەبێتەهۆکارێک بۆ ئەوەی کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکدا دروست بکات، پاشانیش هەرخۆی لە ژێر ناوی جێبەجێکردنی شەرعدا بەردبارانی دەکەن بە مەبەستی کوشتن، وەک خەتیب دەیگێڕێتەوە "لە مەیدانی سەنگەساردا من خۆم یەکەم بەردم تێگرتن. ئەوەی حەزرەتی مەسیح دەفەرموێت کامەتان بێگوناهەن با یەکەم بەرد تێبگرێت، من بووم، من تاکە بێگوناهی ناویان بووم" (عەلی،٢٠٢٤:١٧٤). ئەگەرچی خەتیبی گەورە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو بە گوتەی خۆی ئەم ژنە بخاتەسەر ڕێی ڕاست، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بۆ هەمیشە خۆی ئەم ژنەی بە ڕووتی دەهاتە پێش چاو وەک خۆی دەڵێت: "ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە کە چاو دادەخەم تەنیا بە ڕووتی دەیبینم، ئەگەر پیاوانی تر یەک وێنەی ئەویان لەبەرچاوە، من هەزاران وێنەی ئەو بەڕووتی لەسەرمدا دێت و دەچێت"، (عەلی،٢٠٢٤:٢٣٨)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت لە نێو کلتورێکدا کە جەستەی ژن حەرام و قەدەغەیە هەمیشە دەبێت بشاردرێتەوە و داپۆشرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە پیاوان هەمیشە ئەم جەستە داپۆشراوە بە ڕووتی دەبینن، تەنانەت مامۆستایانی ئاینیش.

پاشان یەکێک لە براکانی خانمی نەوبەهاران لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا(زیا ئەدین) گەڕەکێکی تایبەت دروست دەکات بە ناوی نورئاوا، کە لێرەدا هەموو ژنان پێویستە ڕووبەند بپۆشن و لە ماڵدا بمێنەوە، ئەمەش لە بەهۆی ئەوەی شەرع ڕێگە بە هاتنە دەرەوەیان نادات، بەڵام دواتر هەرخودی ئەم کارەکتەر دەریدەخات کە ڕەهەندی ئاینی بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە دەڵێت: "ئەگەر خوداش نەبووایە، ئەگەر دینش نەبوایە، من نورئاوام هەر وەکو خۆی دروستدەکرد، ئەوەی شەرەفی من بەم مەخلوقانەوە بەستراوە، پەیوەندی بە خوداوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەم شارەوە هەیە"،(عەلی، ٢٠٢٤:٢٥٢)، ئەم هەڵوێستە لە کاتێکدایە کە لەسەرەتادا لە ژێر ناوی جێبەجێکردنی شەرعدا ژنان جیادەکرانەوە و لە ناو چواردیواردا بەند دەکران، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تێکەڵبوونی بواری ئاینی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێمە و بەکارهێنانیان بە پێی بەرژەوەندی کەسەکان"ئەو ترسە دوور و درێژەی چیرۆکی گێلاس لە دڵیدا چاندبووی، وایدەکرد بەڕاستی بیر لە دونیا بکاتەوە ژنەکان تێیدا لە شوێنی داخراو و قایم ودووره چاودابن"،(عەلی، ٢٠٢٤:١٩١).

یەکێکی دیکە لەو کایانەی کە مامەڵە بە ژنەوە دەکات لە ژێر ناوی شەرف بەرپرسانی ئەمینی و سەربازییە لەم شارەدا، ئەمەش کاتێک بەرپرسی سەربازی شار و خەتیبی گەورە مەمەڵە بە وێنەی ڕووتی نەوبەهارانییەوە دەکەن، کە گێڕەرەوە دەڵێت" حاکم خۆی پێکەنینی بەم ئاڵۆگۆڕە سەیرە دەهات،


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

ئەم ژنێکی ڕەدەست دەکرد و خەتیبش وێنەیەکەی، حاکم بۆ ئیستێک لەو هاوکێشەیە ڕاما، لەوێدا نرخی وێنەکە لە نرخی ڕاستەقینەی ئەو ژنە بە بەهاتر بوو چۆن؟ بۆ؟ تێنەدەگەیشت"،(عەلی، ٢٠٢٤:١٣١)، لێرەدا ڕۆماننووس دەپرسێت بۆ نرخی وێنەی ڕووتی خانمی نەوبەهاران لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی گرنگترە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم وێنەیە لەلایەن هەم چینی سەربازی، هەم چینی ئاینی و چینی کۆمەڵایەتی هەر یەکەو لە پێناو بەرژوەندییەکدا وەک کارتێکی هەڕەشە بەکاری دەهێنن دژ بە بەرانبەرەکانیان، بۆیە کاتێک یەکێک لە براکانی خانمی نەوبەهارانی لەلایەتی دەسەڵاتی سەربازی بەعسەوە دەستگیر دەکرێت، وێنەی ڕووتی نەوبەهارانی بەکاردێنن بۆ دانپێدانانی و پێدانی زانیاری دەربارەی ڕێکخستنی نهێنی نێو شار "وەک براکان دەیگێڕنەوە. حاکم هەڕەشەیان لێدەکات ئەگەرڕاستی نەڵێن وێنەی ڕووتی خوشکەکەیان و ناوی براکانی وەک پۆستەری فیلم بە پێشی سینەماکانی شاردا هەڵدەواسێت."(عەلی، ٢٠٢٤:١٠٧)، لەدوای ئەمەش برای خانمی نەوبەهاران ناچار دەبێت هەموو نهێنییەکان بدرکێنێت لە پێناوی پاراستنی شەرفی خوشکەکەیدا.

دواتر بە هەمانشێوە هەر ئەم دەسەڵاتە ئەم وێنەیە بەکاردەهێنێت بەرامبەر بە خودی نەوبەهارانی کاتێک دەیەوێت ژمارەیەک لە عەشرەتەکان بهێنێتە ڕیزی سوپاوە، داوای لێدەکات لەبەردەم عەشیرەتەکاندا بڵێت لەلایەن پێشمەرگەوە دەستدرێژی کراوەتەسەر لەبەرامبەر بڵاو نەکردنەوەی ئەم وێنەیەدا هەروەک حاکمی سەربازی بە نەوبەهارانی دەڵێت" من ناهێڵم کەس تۆ بناسێت، ڕوخسارت ڕەشدەکەمەوە، هیچ کەس دەمو چاوت نابینێت، هیچ کەس، بەس پێویستم بە بەشە ڕووتەکەی جەستەت هەیە... تۆ ئەو قسانە دەکەی کە من فێرتدەکەم، دەمانەوێت تۆڵە لە دوژمنەکانمان بکەینەوە... گێلاس خان. ئەمشەو ئەو شەوەیە تێیدا قسە دەکەیت، دەزانم ئەو چیرۆکانەی دەیانگێڕێتەوە ڕوویان نەداوە، بەڵام دەمەوێت وا بیانگێڕێتەوە وەک ڕوویاندابێت"(عەلی،٢٠٢٤:١٠٩). جێگەی ئاماژەیە ڕۆماننووس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆرجار لەلایەن پیاوانەوە جەستەی ژنەکان بەکاردەهێنرێت وەک قەڵغانێک بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و شەڕی یەکتر بە جەستەی ژنەکانەوە دەکەن، بێگومان ئەمەش لە ژێر ناوی شەرفدا، "وێنەکە تەنیا بەهانەیە تا ناوگەڵی ژنەکانمان بهێنێتە ئەم جەنگەوە... وێنە مەلعونەکە ئەو بەهانەیەی داوەتێ ناوگەڵی ژنەکانمانبکات بە قەڵغانیخۆی"(عەلی،٢٠٢٤:١١٥).

یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕابەرانی ئاینی کاری لەسەر دەکەن لە نێو ڕۆمانەکەدا، گرفتی بێناسنامەکردنی ژنە، نووسەر پێیوایە ڕابەرانی دینی و عەشایەری کار لەسەر بێناسنامەبوونی ژن دەکەن، چونکە بەگشتی مەبەست لە ناسنامە گوزارشتکردنی سیفەتێکی بنچینەیی خاوەنی ناسنامەیە، بە جۆرێک ئەگەر ئەو سیفەتەت لێ کێشایەوە مانای وەک خۆی نامێنێ. یەکێک لەو کاراکتەرانەی کە دوای ئەوەی بوو بە هەڵگری هزرێکی ئاینی دەیویست ژن لە پیاوان جیابکاتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا، بەردەوام کار لەسەر بێناسنامەی کردنی ژنەکان دەکات لە نێو گەڕەکی تایبەتدا کە ناوی ناوە (نور


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

ئاوا)، (زیائەدین)ە، کە لەم شوێنەدا ژنەکان پێویستە لە ماڵ بمێننەوە و لە ماڵەکانیشدا ڕووبەند بپۆشن، وەک گێڕەرەوە ئاماژەی بۆ دەکات: "زیا: تەنیا بۆیەک شت دەژیا، ئەم شارە گەورەتر بکات، زۆرتر ژن بهێنێتە ئەودیو دیواری ئەم ماڵانە و لێرەدا ناو و ڕوخساریان لێ بسێنێتەوە" ،(عەلی،٢٣٥:٢٠٢٤)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەک فارابی دەڵێت: "ناسنامە بریتییە لە کەسێتی و ناسینەوەی تێیدا بوونیکی بەتاقی تەنیایی تیا بەرجەستە دەکا کە کەس لەگەڵی بەشدار نیە، تایبەتمەندییەکانی تاکە بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی".(عەبدلخالق، ٢٠٢٤: کودپیدیا)، بۆیە بێناسنامەکردنی ژن واتە لێسەندنەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی ژنبوونی، ئەمەش لە پێناوی مومارەسەنەکردنی مافەکانی وەک تاکێکی خاوەن تایبەتمەندی، سەرئەنجام ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت" چونکە بێرۆڵکردنی ژنان بە کرداری یاریدە دەرە بۆ گۆڕینی وێنەی کۆمەڵگە"،(فوزی، ٢٠٢٣:٩٨)، جا ئەم ڕەنگدانەوە نەرێنی وەک لە نێو ئەم ڕۆمانەدا هاتووە یان ئەرێنی بێت.

## ئەنجام:

١-لەناوەرۆکی ڕۆمانەکەدا هێڵی سەرەکی و تێمای ڕۆمانەکە پرسی شەرەفە، بە شێوەیەکی ورد جەخت لەسەر گرفتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و بێ ناسنامەکردنی ژن کراوەتەوە لە ژێرناوی شەرەفدا.

٢-ڕۆماننووس پێمان دەڵێت هەمیشە پیاوان لە نێو هەموو کایەکانی"سیاسی، دینی، کۆمەڵایەتی و سەربازی" جەستەی ژن لە ژێر ناوی شەرەف لە دژی یەکتر بەکاردەهێنن، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، وەکو بەکارهێنانی وێنەی ڕووتی گێلاسی نەوبەهاران لەلایەت (ڕابەرانی

دینی"خەتیبی گەورە"، سەرۆک عەشرەت"خەلیفە عیسا"، جاش"خانی زرد"، دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی"حاکم") لە دژی یەکتر و بنەماڵەی نەوبەهارانیش بەکاردرهێنن.

٣- ڕۆماننووس پێیوایە گەر جەستە شەرەفی مرۆڤ بێت، ئەوا هیچ جیاوازییەک لە نێوان جەستەی ژن و پیاودا نییە.

٤- ڕۆماننووس پێمان دەڵێت شەرەف و ترسی لە دەستدانی شەرەف و بیرکردنەوە لە تۆڵەکردنەوەی شەرەف، مرۆڤ دەکاتە بونەوەرێکی دڕندە جا پیاو بێت یان خودی ژنان، وەک ئەوەی (گێلاس و شەمدین)ی نەوبەهارانی کرد بە بکوژ، براکانی نەوبەهارانی کردە خۆفرۆش و پاشان زیندانیکردنی نەو بەهارانی.

٥- لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا گێلاس نەوبەهاران دەبێت بە بکوژ، بەڵام ئەمەش وەک پەرچەکردارێکە لە پاش ئەو هەموو زوڵم وستەمەی بەرامبەری کرا لەلایەن کۆمەڵگە و خێزانەکەیەوە.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

- سدیق، ئارام، (٢٠٠٥)، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، چەند بابەتێك لە مەڕ دۆزی ژنی کورد، سلێمانی.

-سابیر، ڕەفیق، (٢٠٠٣)، کلتور و ناسیۆنالیزم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

-سەعدوڵلا، سەروەر ،(٢٠١٣) ئەحلام یاخییە ئەلۆنییەکە ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،

-عومەر، عەدالەت ،(٢٠٠٢) ئەنفال و ئافرەتی کورد،چ وەزارتی پەروەردە، هەولێر.

-قەرەداغی، مهاباد، (٢٠٠٥)، شەرەفنامە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

-موحسنی، منوچیهر، (٢٠٠٢)، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای موکریان، هەولێر.

-عەلی، بەختیار، (٢٠٢٤)، نەفرەتی نەوبەهاران، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.

نامەی ئاکادیمی:

-کریم، ئاوات ڕەحیم(٢٠١٧)، دەقی شیعریی ئافرەتی کورد(١٩٧٠-١٩٩٠) نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی گەرمیان،

گۆڤارو ڕۆژنامە:

-موکریانی کوردستان، (١٩٨٠)دەنگی ئافرەتی لە هۆنراوەی کوردید ا،گ. بەیان ،٦٣.

- عارف، ئەحمەد (٢٠١٠)، ژن پرسیارێکی لە مێژینە و نادیار.

-عبدالقادر حمە، محمد، (٢٠٠٩)ژن لە دەقەکانی (قوبادی جەلی زادە) ، گ زانکۆی سلێمانی ب ، ژ٢٥، ئازاری

-قانع، ڤیان، (٢٠١٢)کەسایەتی ئافرەت لە نێو ڕە هەندە کلتورییەکاندا، گۆڤاری (لەیلا قاسم، لەیلا زانا) ژمار٧.

-کریم، فەرهاد قادر، (٢٠٢١)، کەلەپور لە شیعری نوێی کوردیدا(شیعرەکانی کاکەی فەلاح بە نموونە)، مجلة جامعة کرکوک/ للدراسات الانسانية، المجلد :١٦ ، العدد١ .

-فوزی، ریم عادل، (٢٠٢٣)، نمطية صورة المراة فی الصحافة العراقية-دراسة تحليلة مقارنة لصحيفتی الزورا و البنية جديدة، مجلة جامعة کرکوک/ للدراسات الانسانية، المجلد :١٨ ، العدد١ .

**بە زمانی عەرەبی:**

- عزیز، شکری،(١٩٨٣) فی نقریه الادب، المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر،

لینک: مەسعود عەبدولخالق، ناسنامەو قەیرانی عەقڵی کوردی،

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20230131084015462867

within this period will result in the automatic cancellation of the research manuscript.

13. Citation and Referencing:

A. The research must follow the American Psychological Association (APA) referencing style (7th edition), ensuring accuracy in citations and proper formatting of the reference list.
B. In-text citations should follow the format: (Author’s last name, Year), e.g., (Al-Azzawi, 2008) or (Al-Azzawi, 2008: 214).
C. References to Islamic historical sources and Quranic citations should be numbered sequentially within parentheses (1), (2), (3), and so on.
D. The final section of the research should contain a complete list of sources and references, arranged alphabetically.

14. Researchers must cite at least two previously published studies from the University of Kirkuk Journal of Humanities Studies.
15. A plagiarism check must be conducted by the university’s plagiarism detection center.
16. The researcher must pay a publication fee of 100,000 Iraqi dinars. If the research exceeds 25 pages, an additional fee of 5,000 dinars per page will be charged.
17. The editorial board conducts an initial review of the research before sending it to expert reviewers in the field. The journal is committed to informing the researcher of the final decision regarding publication. The researcher must comply with any revisions requested by the reviewers for the research to be approved for publication.
18. All research submissions and correspondence related to the journal should be sent via the journal’s official website.

**Publication Rules and Guidelines for the University of Kirkuk Journal of Humanities Studies**

1. The electronic version of the research must be submitted via the website( /illuk:///mrik.m./tj/m/.:sm.th) in Microsoft Word format, either as a .doc or .docx file.
2. The research should be typed using a computer with single-spacing between lines and should be between 8,000 to 10,000 words, with a maximum of 25 pages. The text should be formatted in Simplified Arabic font, size 14, on A4 paper for Arabic-language research. For research written in English or Turkish, it should be in Times New Roman font, size 14, on A4 paper. For Kurdish-language research, the Kurdfonts font should be used.
3. A brief academic biography of the researcher(s) must be submitted separately along with the research.
4. The full names of the researchers should be written in both Arabic and English, along with their current academic positions.
5. The author must provide a declaration confirming that the research has not been previously published and is not under consideration for publication in another journal.
6. Headings and subheadings should be used within the research to structure and divide its sections based on their importance.
7. A summary in both Arabic and English, not exceeding 250 words, must be included with the research.
8. Keywords should be written immediately after the abstract.
9. Tables and figures should be incorporated within the research text, numbered in order of appearance, and appropriately labeled.
10. Research extracted from a thesis or dissertation (Master’s or Ph.D.) may be published, provided that the original thesis has not been previously published or officially approved for publication. This should be explicitly stated in the research, within the references, and in the declaration.
11. The researcher must bear the financial costs associated with the evaluation process if they choose to withdraw the research and discontinue the publication process.
12. The researcher is granted a maximum period of three months to make necessary modifications to the research if requested. Failure to comply

| | | | |
|---|---|---|---|
| | And “I Loved Living” Poems | | |

**Faculty of Arts Research**



| **Sequence** | **Search title** | **Researcher** | **Page Number** |
|---|---|---|---|
| 1 | Economic Advancements In The Kingdom Of Saudi Arabia Under The Reign Of King Fahd Bin Abdul-Aziz From (1982 To 2005) | Assist. Lect. Yaseen Rasheed Faqi | 714-741 |
| 2 | Al-Kamal Ibn Al-Hammam’s vision of the purpose of social solidarity in his book Fath Al-Qadeer - Chapter on Zakat – Jurisprudential study | Assist. Prof. Dr . Salih Yaseen Abdul Rahman | 742-759 |
| 3 | A World Without a King: Political Anarchy and the Fragmentation of Mid-World in Stephen King’s The Dark Tower Series | Assist. Lect. Taib Abdulrahman Abdullah<br><br>Prof. Dr. Zanyar Faiq Saeed | 760-785 |
| 4 | Using Needham's model in teaching equations and its effect on achievement and developing mindful learning skills among third-grade middle school students in mathematics | Assist. Lect. Hussein Sameer Maaroof koprulu | 786-811 |
| 5 | Analysis of the distributional and point characteristics of the wood and aluminum industry in Kirkuk city with future expectations | Salwa Ali Fadel<br>Assist. Prof. Dr. Mahia Mohsen Hassan | 812-832 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | A Study of Ambiguity in Hemingway’s “My ”Old Man | Assist. Lect. Ahmed Hamad Kareem Hameed | 518-537 |
| 2 | Investigating the Translation of Selected Qur’anic Zeugmatic Expressions | Assist. Lect. Alaa Mjren Oleiwi<br>Dr. Hussein Khalaf Najm | 538-553 |


**Kurdish Language Research**


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effectiveness Of Conceptual Blending In The Semantic Interpretation Of Kurdish Idioms | Kazhal Jihabakhsh Mohammed<br>Salam Raheem Rasheed<br>Dara Hamid Mohammed | 554-577 |
| 2 | Imagery In Azad Subhi’s Poetry | Dr. Hazhar Faqe Sleman Hussein | 578-604 |
| 3 | Perception to the Senses in the Kurdish Language the Sense five Semantic Fields of the Word as a Mode | Assist. Prof. Dr.<br>Bestoon Abubaker Ali<br>Assist. Prof. Dr.<br>Jwana Ahmad Hamahusen | 605-632 |
| 4 | Women's Problems In The Novel "The Curse Of Nawbahran" By Bakhtiar Ali | Dr. Ashti Hussein Arif | 633-650 |
| 5 | The Emergence Of Teaching Kurdish Alphabet And The Role Of Ibrahim Ameen Baldar In Its Development | Dr. Shadman Salar Nariman Agha | 651-671 |


**Turkish Language Research**


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Iraq - An Evaluation Of Place Names In The Erbil Region From The Perspective Of Folklore | Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 672- 693 |
| 2 | Analysis Of Kemal Beyatlı’s “Cemal” | Assist. Prof. Dr. Goran Salahaddin Shokor | 693-713 |

**History Research**


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Media Role Of Women In Kirkuk 1951-1979, A Historical Study | Shaima Hassan Rashid<br>Prof. Dr. Dilshad Oumar Abdul Aziz | 242-265 |
| 2 | The Political Debate Between The Arab Elements And Abu Muslim Al-Khorasani | Assist. Prof. Dr. Ali Hussein Ali | 266-308 |
| 3 | Reverberation Of The Political Developments In Iraqi Kurdistan In The Iranian Ettela’at Newspaper (1970-(1975 | Assist. Prof. Dr. Fakher Hassan Yousef | 307-339 |
| 4 | The Position Of The Iraqi Communist Party On The Kurdish Issue 1934-1963 A Historical And Political Study | Dr. Salar Abdul Karim Fandi | 340-378 |
| 5 | The Development Of The Labour Movement In Britain 1800-1852 | Prof. Dr. Ahmed Abood Abdullah | 379-398 |
| 6 | Saladin Puts An End To The Political, Social And Economic Chaos In Egypt, The Levant And Iraq By Unifying The Islamic Front And Liberating Jerusalem | Osman Yassin Hilal<br>Assist. Prof. Dr. Ali Sultan Abbas | 399-439 |
| 7 | Scholars Of The Qur’an Who Came To Medina Through The Book “Siyar A’lam Al-Nubala” By Al-Dhahabi ((D. 748 AH - 1347 AD | Shihab Ahmed Ghafel<br>Assist. Prof. Dr. Omid Asaad Omar | 437-489 |
| 8 | The Political Crises Of The Abbasid Caliphate And Their Treatment During The First Abbasid Era (132-247 (AH / 749-861 AD | Hind Muhammad Saleh Youssef<br>Prof. Dr. Juma Abdullah Yassin | 490-517 |


**English Language Research**

| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|

## Index of Published Research

### Educational and Psychological Sciences Research


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Impact Of Several Media Commentary Strategies On Developing The Arabic Language With Material That Reflects The Commentary And Developing Their Abstract Thinking | Assist. Lect. Aya Hassan Hadi Al-Bayati<br>Assist. Lect. Hisham Abdel-Rumaid Al-Mafraji | 1-40 |


### Geographic Research


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Morphometric Characteristics Of Wadi Al-Ruman Basin In The Western Plateau Of Najaf Governorate Using GIS | Dr. Hamzia Miri Kazim | 41-68 |
| 2 | Overlap and Temporal Integration in Geographical Studies | Assist. Lect. Asmaa Hamad Sultan<br>Prof. Dr. Kamal Abdullah Hasan | 69 - 96 |


### Qur’anic Sciences Research


| Sequence | Search title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Conflict Between The Mursal Hadith And The Musnad Hadith, The Ruling And The Effects: A Hadith Study | Dr. Ahmed Kareem Yousef | 97-132 |
| 2 | The Imam’s Jurisprudential Colleges Are An Easy Read Within The Limits | Samira Abdullah Mahmoud<br>Assist. Dr. Dilshad Jalal Muhammad | 133-174 |
| 3 | Marra Al-Hamdani And His Interpretive Views | Assist. Prof. Dr. Mahmoud Nasser Zorao | 175-197 |
| 4 | Guaranteeing The One Who Caused It In Islamic Jurisprudence | Assist. Prof. Dr. Bakr Abbas Ali | 198-214 |
| 5 | The Shining Light On The Issue Of Analogy With The Difference And Some Of Its Jurisprudential Applications | Assist. Dr. Jassim Mohammed Abdullah Ahmed Al-Mashhadani | 215-241 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

March 2025, Volume 20, Issue 1, Part 1

Issued by the College of Education for
Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

**March 2025, Volume 20, Issue 1, Part 1**

**A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk**

**A quarterly magazine issued by the College of Education for Human Sciences Kirkuk University**

**issn 1992 - 1179**

**Postal address**
**Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University**
**P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001**